# ئەمڕۆی سینەما و ئەکتەری سینەمای کوردی

حەیدەر عەبدولڕەحمان

ئەوانـەی لـە کوردسـتاندا ئەکتـەری سـینەمان، ژمارەیەکی سنووردارن، بـەڵام پـێ دەچـێ بەپێـی تێپەڕبوونـی کات، ئـەو ژمارەیـە بـەرەو زۆر بـوون هەڵکشـێ.

تـا ئـەو دەمـەی ئێسـتا، ئـەو هەلومەرجـە سـەخت و دژوارەی کوردسـتان، ئـەو دەرفەتـەی نەڕەخسـاندووە بزاڤێکـی سینەمایی و فیلمسازیی لـە کوردسـتاندا سـەرهەڵ بدا، یـان ئەکادیمیاکانـی سـینەما، کاریگەرییەکـی ئەوتۆیـان بـۆ دروسـت کـردن و پێگەیاندنـی کادیری سینەمایی، بەتایبەت ئەکتـەر و دەرهێنـەر هەبـێ.

ئـەو بۆشـاییەی سـینەماش کـە هەبـووە، زێتـر بەپشـت بەسـتن بەسـینەماکارەکانی دەرەوەی کوردسـتان پـڕ کراونەتـەوە، ئەگەرنـا زۆرینـەی ئـەو بەرهەمانـەی بەرهـەم هاتـوون، بەهـۆی لاوازی توانستی دارایـی و کادیری سـینەمایی و تەکنیک و ئامێـری تەقلیـدی، نەیانتوانیـوە بنەمایەکـی متمانەپێکـراو بـۆ پیشەسـازی فیلمسـازیی لـە کوردسـتاندا دامەزرێنـن.

زۆرینـەی ئـەو لاوانـەش کـە ئـارەزووی فیلمسـازییان هەبووە، ئەو توانابیە دارایی و هونەریی و تەکنیکییەیان نەبـووە بـۆ بەرهەمهێنانـی فیلمـی بازرگانـی، بەڵکـوو زۆرینەیـان بەئاراسـتەی بەرهەمهێنانـی کورتـە فیلـم بـۆ فیسـتیڤاڵەکانی جیهانـی کاریـان کـردووە، ئـەم حاڵەتـەش نەیتوانیـوە شـتێک لـە واقیعـی سـینەما لەکوردستاندا بەئاراستەی دۆزینـەوەی شوناسـێک بـۆ فیلمسـازی لەکوردسـتاندا بگۆڕێـت.

تەنانـەت ئـەو چەند فیسـتیڤاڵە سینەماییانەش کە ساڵانە لەکوردسـتاندا کـراون، ڕاسـتە کـە فاکتەرێکـی هانـدەر بوونـە بـۆ بەکولتووربوونـی سـینەما لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا، بـەڵام چونکـە بزاڤێکـی سـەقامگیر و بـەردەوام نەبووە، ئـەو کاریگەرییەیان بـۆ گەیشـتن بەئامانجـە سـەرەکییەکە نەبـووە کـە هێنانـە کایـەوەی پیشەسـازی فیلمسـازیی بـووە لـە کوردسـتاندا.

ئێسـتا تەنیـا شـتێک کـە جێگـەی ئومێـد بێـت لەکوردسـتاندا، هاتنە پێشـەوەی کۆمەڵێ کۆمپانیای بەرهەمهێنانـی فیلمسازین، ئـەو کۆمپانیا بازرگانیانە پێوەنـدی ڕاسـتەوخۆی هونەرییـان لەگـەڵ کۆمەڵـێ دەرهێنـەر هەیـە بـۆ وەرێ خسـتنی ئـەو پـرۆژە سـینەماییانە.

کاتـێ ئـەو کۆمپانیایانـە گرێبەسـت لەگـەڵ

دەرهێنەرەکاندا دەکەن، بۆ پرۆژە سینەماییەکان مەرجی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە چۆن بتوانن وەک دراما و فیلمە تورکییەکان بینەر لەدەوری ئەو شاشە تەلەڤزیۆنیانەدا کۆ بکەنەوە، لەوانەی وەک سپۆنسەر بەشداری لەبەرهەمهێنانی فیلم دەکەن.

دەرهێنەرەکان هەموو ئازادییەکیان پێ دەدرێت و هەموو پێداویستییەکی ماددی و هونەرییان بۆ فەراهەم دەکرێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت، ئامانج و ستایل و ئاراستەی سیناریۆی فیلمەکان دەکەوێتە دەست کۆمپانیاکان، بۆیە زۆر لە دەرهێنەرەکان ناتوانن بپرژێنە سەر پرسە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان، لەوەشدا دژ بەخواستی زۆرینەی بینەران دەوەستن، تەنیا گەنجەکان نەبن کە گوتاری سینەماییان لە شێوە و تەکنیک و ستایل و ڕوخساری جوانی ئەکتەر بەلاوە گرنگتر نییە.

لەنێوان ئەو دوو هاوکێشەیەی خواستی کۆمپانیاکان و خواستی بینەران، کامیان لە بەرژوەندی سینەمای کوردیدایە؟

بێگومان دروستبوونی بناغەیەک بۆ فیلمسازی و بەبازرگانی کردنی فیلم لەسەرووی ئامانجەکانەوەیە، چونکە تا تۆ بنەماکانی پیشەسازییەکە دانەمەزرێنی، ناتوانیت بەرهەم و بازاڕت هەبێت، کە پیشەسازیشت هەبوو، ئەو کاتە دەتوانیت لەئاییندەدا ئاراستەکانی بەرهەمهێنان بەپێی خواستی بازاڕ بگۆڕیت.

هەمیشە هەبوونی بازاڕ ڕکابەری نوێ دەهێنێتە پێشەوە کە لەئەنجامدا بەقازانجی سینەمای کوردی دەشکێتەوە، ڕەنگە ئەگەر ئێستا دوو- سێ کۆمپانیای فیلمسازی لە کوردستاندا هەن، ئەوە لە ئاییندەیەکی نزیکدا بەهۆی بە بازاڕبوونی بەرهەمەکان، ببێتە خاوەنی دەیان کۆمپانیای زەبەللاحی تر کە پێشبڕکێ لەسەر باشترین دەرهێنەر دەکەن، باشترین سیناریۆ، باشترین ئامێر و کادیری تەکنیکی پێشکەوتوو، باشترین ئەکتەری سینەمایی.

ئەو کاتە گرێبەستی دەرهێنەر و ئەکتەر و کادیرە سینەماییەکان بەشێوەیەک بەرز دەبێتەوە کە هەموو هونەرمەندان ئاواتی ئەوە بخوازن لەکەرتی سینەمادا کار بکەن و ببن بە ڕوخسارێکی سینەمای کوردی لە جیهاندا.

ئەوەی باسی دەکەم نیشانەکانی دەرکەوتوون و لە ئاییندەیەکی نزیکدا کوردستان دەبێتە خاوەنی سینەمای خۆی، بێ ئەوەی پێویستی بەکادیری دەرەوەی کوردستان هەبێت، لەوانەش ئەکتەری سینەمایی.

ئەوەی تیشکی دەخەمە سەر، هەر تەنیا سینەما نییە، بەڵکوو دراما و زنجیرە درامای کوردییش بەهەمان شێوە دەکەونە نێو چوارچێوەی هەمان بازنەوە.

هەمیشە هەلومەرجی ئابووری و بازرگانی پەرەسەندوو لە هەموو دنیادا، دەرهاوێشتەی خۆی هەیە، ئەو هەلومەرجە هونەرییە بازرگانییەش کە لەکوردستاندا هاتووەتە پێشەوە، دەرهاوێشتەی ئەو زەمەنە خێرا و بە پەلەیەیە کە تێیدا بتەوێت و نەتەوێت زمان و ئامراز و شێوازی تایبەتی خۆی بەسەر واقیعدا دەسەپێنێ، ئەگەر لەدەستپێکدا ئەو تەوژمە نوێیە جۆرە دژایەتییەکیشی لەگەڵ کولتوور و دابونەریتێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا هەبێت، ئەوە بەکاتێکی کەم، بینەری کورد، ئاوێتەی زەمەنە نوێیەکە دەبێت و بەناچاری پەسندی دەکات.

بێگومان کە سینەما و کۆمپانیای سینەمایی لە کوردستاندا نەبوون، ئەکتەری کوردیش ئەگەر مومارەسەیەکی پیشەیی و پراکتیکی لەگەڵ هونەری فیلمسازیدا نەبێت، ناتوانێت لە بازنەیەکی بەتاڵدا بێتە بەردەم کامێرا و ببێت بە ئەکتەرێکی سینەمایی، هەرچەندە خاوەن توانستیش بێت، پاشان ئەگەر ئەکتەری باش بیت و لەگەڵ دەرهێنەری شارەزا کار نەکەیت، کە بۆت ببێتە ڕاهێنەرێکی زیندوو بۆ کاری نواندن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کامێرا، ئەوە ناتوانیت ببیت بەئەکتەری سینەمایی، گریمان دەرهێنەرێکیشت هەبوو، ئەگەر بەردەوام نەبوویت

لەکاری سینەماییدا، ئەوە بە بەرهەمێک و دووان و سێیان ناگەیتە ئەو ئامانجەی کە بینەر وەک ئەکتەرێکی سینەمایی تۆ بناسێ.

**خۆ ناساندن وەک ئەکتەری سینەمایی، سێ ئامانج دەپێکێ:**

١- خۆ ناساندن بەمانا بەردەوامبوون لەسەر کاری سینەمایی و دەوڵەمەند کردنی ئەزموون، چونکە تۆ تا وەک ئەکتەرێکی سینەمایی نەناسرێی، نابیتە جیگەی سەرنجڕاکێشانی بەرهەمهێنەر و کۆمپانیاکان.

٢ - نواندن لەکاری سینەمایی، سەرچاوەیەکی زۆر نزیککەرەوەیە بۆ پەیدا کردنی ناوداریێتی لە ماوەیەکی کەمدا، لەبەر ئەوەی سینەما بەرفراوانترین و خێراترین گۆڕەپانە بۆ خۆ ناساندن، لەسەر ئاستی وڵات، پاشان لەسەر ئاستێکی هەرێمی و جیهانیدا.

٣- پەیداکردنی داهات و بازاڕی گەرم، چونکە داهاتی سینەما بۆ ئەکتەر لەگەڵ داهاتی دراما و شانۆ بەراورد ناکرێت، بەتایبەتی لەو فیلمانەی کە سەرکەوتن بەدەست دێنن و زۆرترین بینەریان دەبێت.

٤- ئەکتەری سینەما کە گەیشتە قۆناغی ناوداریێتی، وەک ئەکتەری دراما و شانۆ بێ کار نابێت، ڕەنگە لە یەک کاتدا خاوەنی کۆمەڵێ گرێبەست بێت و لەیەک کاتدا لەسەر چەند بەرهەمێک کار بکات.

٥ - ئێستا بازرگانیی سینەما لەکوردستاندا خەریکە سەرهەڵدەدات و کۆمپانیاکان دەروازەیەکیان بۆ فیلمسازی کردووەتەوە، تا ئێستا ئەو بەرهەمانە وەک ئەزموونێکی سەرەتایی و بەپشت بەستن بەچەند گەنجێکی سینەماکار لە دەرهێنەر و ئەکتەر لەڕووی داهاتەوە، وێڕای ئاریشە هونەرییەکان و کەموکووڕییەکان، گۆڕانکارییان پێوە دیارە کە ڕەنگە ئەگەر پەرەی پێ بدرێت و ئەزموونەکە فراوانتر بکرێت، ئەوە قۆناغێکی نوێ بۆ پیشەسازی سینەما لە کوردستاندا سەرهەڵبدا.

**ئایا هەموو ئەکتەرێک دەتوانێت ببێت بەئەکتەری سینەمایی؟**

زۆرینەی ئەکتەرانی سینەما لەجیهاندا تەنیا کاری سینەمایی دەکەن و لەو بوارەدا ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان هەیە، لەوە ڕاهاتوون کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کامێرادا بکەن و چۆن پارێزگاری لە جەستە و پێرفۆرمانسی خۆیان بکەن.

دواتر ئەو داهاتەی بەهۆی ناوداریێتی و وەرگرتنی خەڵات لە فیستیڤاڵە جیهانییەکانەوە بە دەستیان هێناوە، هەروا ئەو هەموو عروزاتەی لە لایەن کۆمپانیاکانەوە بۆیان دەخرێتە ڕوو، ئەو کاتەی بە دەستەوە نادەن، دەرفەتێک بدۆزنەوە بۆ کاری درامی، یان شانۆیی.

هەرچەند ئەو ئەکتەرانە ناوداریێتیان زۆرتر بێت، کرێی کارکردنیان گرانتر دەبێت، ئەوەندەش بەپراکتیک کار بۆ سینەما دەکەن، بەشێوەیەکی سروشتی ڕێچکەی ڕاستەقینەی نواندنی خۆیان دەگرنەبەر و ئەو نواندنە دەکەن کە سینەما دەیەوێت.

بەڵام واقیعی فیلمسازی لەکوردستاندا بۆ ئەکتەر شتێکی ترە، لە بەر ئەوەی پیشەی ئەو ئەکتەرانەی لە سینەمادا کار دەکەن، تەنیا سینەما نییە، بەڵکوو بۆ هەندێکیان شانۆ بووە، بۆ هەندێکی دیکەیان دراما، یان ئەکتەرێکی کۆکتیل بوونە، بەشێوەیەکی میللییانە دروست بوونە، بەتایبەت شانۆکارە کلاسیکییەکان کە لای ئەوان فۆرمی نواندن و پێرفۆرمانسی ئەکتەر، لەنێوان هونەری شانۆیی و درامای تەلەڤزیۆنی و سینەمادا ئاوێتەی یەکتر بوونە و زۆر لە ئەکتەرانی کورد لەکاتی کار کردن لەو هونەرانەدا، تایبەتمەندی خۆیان نادەنە پاڵ هەر یەک لەوان، بۆیە زۆر جار لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاو بوونە و جیاوازی پێ نەکردنیان، هەندێ لەو ئەکتەرانە، وەک

ئەكتەر، تووشی شكست هاتن بوونە، لەهەمان كاتیشدا ئاسەوار و كاریگەرییەكی نێگەتیڤانەیان بەسەر بەرهەمیشدا بەجێ هێشتووە..

فاكتەری سەرەكی ئەو تێكەڵاو كردنە لەوەدایە كە زۆرینەی ئەكتەرانی كورد بەگشتی لەسەر بنیادێكی ئەكادیمی پەروەردە نەكراون و لە هونەری شانۆوە پەڕیونەتەوە سەر دراما، پاشان لە دراماوە بازیان داوەتە سەر سینەما، خۆیان و ئەو فۆرم و ستایلە تەقلیدییانەی پێیانەوە نووساوە، بە گۆڕینی هونەرەكان لێیان جیا نەبووەتەوە و لە هەر سێ بواردا، بە یەك فۆرم نواندنیان كردووە.

ڕوویەكی دیكەی فاكتەرەكان ئەوەیە كە ئەزموونی زانستی و پیشەیی ئەكتەری كورد لەگەڵ سینەمادا، ئەزموونێكی زۆر لاوازە و هەرگیز وەك ئەكتەرێكی پرۆفیشناڵ پشتی پێ نابەسترێت، ئەوەی هەیە كۆمەڵە بەرهەمێكی لاوازە كە نە لەگەڵ تەكنیكی ئەمڕۆی سینەما دەگونجێ، نە لەگەڵ فۆرمە جیاوازەكانی ئەمڕۆی پێشكەوتنی سینەمادا هاوكووفە.

بۆیە دەرهێنەر ناچار دەبێت كە هەندێ جار سەركێشی بكات و ئەو ئەكتەرە كلاسیكییە بێ ئەزموونانەی بواری شانۆ و دراما بۆ سینەما بەكاربێنێ كە بەزەقی پێرفۆرمانسی شانۆییان پێوە دیارە و هەمان ئەكشن و ئیلقا و دەنگی شانۆیی و دەرخستنی جەستە بۆ سینەماش بەكار دەهێننەوە.

ناكرێت هەندێ دەرهێنەر، بە توانست و ئەزموونی هیچ ئەكتەرێكی شانۆیی فریو بخوات و وای بۆ بچێت كە ئەو ئەكتەرە هەمان ئەو سەركەوتنانە بەدەست دێنێ كە لەشانۆ، یان درامادا بەدەستی هێناوە، نەخێر هەندێ لەو ئەكتەرە جیاوازانە دەبنە بارێكی گران بەسەر شانی سینەماوە.

ئەوەی بۆ سینەما گونجاوە هیچ لەو ئەكتەرانە نین كە قاڵبێكی شانۆییان وەرگرتووە، بەڵكوو تەنیا ئەكتەرە خاوەن ئەزموونەكانی سینەمان كە لە چەندان ئەزموونداا توانایی خۆیان لە بەرهەمەكاندا دەرخستووە، یان كارەكتەری سروشتی شەقامن، لەوانەی نەكەوتوونەتە ژێر كاریگەری هیچ فۆرمێكی تەقلیدی كە هەندێ لەوان هیچ جۆرە نواندنێكیان نەكردووە، بەڵام دەرهێنەر لە كاتی وێنەگرتندا بەو شێوەیە دروستی دەكات كە ئەو دەیخوازێ، ئەوەتا زۆر لەو ئەكتەرانەی لە شەقامەوە هێنراونەتە ناو سینەما، هەندێكیان ئێستا بوونەتە ئەكتەری جیهانی و چەندان خەڵاتی سینەماییان لەجیهاندا بەدەست هێناوە، بۆ نموونە كارەكتەری (وەحشی) كە لە فیلمی (رسالة)ی مستەفا عەقاد، حەمزەی مامی پێغەمبەر بە ڕم دەكوژێ، ناوی عەلی سالم قەدارەیە، خەڵكی لیبیایە، لە ژیانیدا كاری نواندنی نەكردووە، كاتێ (مستەفا عەقاد)ی دەرهێنەر لە هوتێل چاوی پێی دەكەوێ، بۆ ئەو ڕۆڵە هەڵی دەبژێرێ .

عەلی سالم لە كۆنفرانسێكی ڕۆژنامەنووسیدا دەربارەی ڕۆڵەكەی لە فیلمی (رسالة) گوتی: دوای ئەوەی دایكم فیلمەكەی بینی، لە ماڵ دەری كردمە دەرەوە و هاواری دەكرد بە سەرما، چۆن تۆ پێ دەنێیتە ماڵەكەم تاوانباری بە كوشتنی ئیمام حەمزەی مامی پێغەمبەر .

ئەو جۆرە ئەكتەرانەی سەرشەقام كە لەلایەن دەرهێنەرەوە بژار دەكرێن بۆ بینینی ڕۆڵی هەندێ لەو كارەكتەرانە، تەنیا ڕوخسار و ڕەنگ و شێوەی لێكچوونیان لە كارەكتەر دەبنە هۆكاری ڕاكێشانی ئەو كەسایەتییانە بۆ دنیای سینەما.

ئەزموونی ئەكتەری كورد لەگەڵ سینەمادا، ئەزموونێكی كورتە، بە قەد كورتی تەمەنی سینەمای كوردی، نەك هەر ئەكتەر هەموو ڕەهەندە هونەرییەكانی سینەما بەگشتی لەدەستپێكدان و تا ئێستا نەكەوتوونەتە سەر پێ تا خاوەنی شوناسێكی سەربەخۆ بێت.